# کورتە پەیڤێك بۆ کورتە فیلم

## نیهاد جامی

بوونی ڤیستڤاڵێکی تایبەت بە کورتە فیلم، دەرگا کردنەوەیەکە لە بابەتێك کە ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەچێت لە شارەکانی کوردستان وەك نەریتێکی سینەمایی بەخۆیەوە سەرگەرمی کردووین، کە لە پاڵ ئەو هەوڵە کوردیانە هەندێك جار ئاشنا بووینە بە هەوڵی سینەماکانی دراوسێ و بەتایبەت سینەمای ئێرانی ، هەر لە درێژەی ئەو چالاکیانەوە بەڕێوبەرایەتی سینەما ڤیستڤاڵی کورتە فیلمی کوردستانی سازکرد، هەڵبەت ئەو ڤیستڤاڵە چەندە هەوڵێك بوو بۆ دەرخستنی فیلمی کوردیی بەهەمان شێوەش وەك دیاردەیەکی سیاسی خۆی نواند، هەرلە ناونانی ڤیستڤاڵ لەژێر دروشمی یەکی شوباتەوە تا ئاهەنگی کۆتایی کە لە نواندنێکی شانۆیی دەچوو بەوەی ئێمە لە ولاتێکداین ئۆرگان و نێوەندە هونەریەکان کەم تەرخەمن و تەنها وەزارەتی ناوخۆیە بیر لە ڕێزگرتن لە هونەرمەندان دەکاتەوە، ئەوەیان دەشێ جێگەی مەبەستی زۆری ئێمە نەبێت، بەقەد ئەوەی قسەکردن بێت لەسەرجۆری پێشکەش کردنی کارەکان، کە بە شێوەیەکی گستی زۆربەی کارەکان دووربوون لە ڕەگەزە پێکهاتە کانی فیلم و بەڕاستی مرۆڤ تووشی گومان دەبێت بەوەی لیژنەی سەرپەرشتی سیناریۆکان چۆن ڕێگای داوە بەو شێوەیە کارەکان بخرێنە ڕوو، وە دواتر چۆن لیژنەیەك نەبووە بۆ ئەوەی بەر لە بڕیاردان بۆ نمایشت کردنیان ئەو هەڵە هونەریە دیارانە هەست پێناکات، وەك ئەوەی بینیمان فیلمەکە باسی سەردەمی عوسمانیەکان دەکات کەچی مریشکی شەوایەی ئەمڕۆ لەبەردەمی ئەکتەرەکان بوو، یاخود لەفیلمێکی تردا دەبینین کۆمەڵێك منالْ لە دەشتاییەکدا گۆرانی دەڵێن کەچی دواتر لەگەڵ چوونە قوتابخانەیەك مۆنتاژ کراوە، کە نازانین ئەو قوتابخانەیە چۆن لەو دەشتە پەیدابوو، یاخود بێئاگایی دەرهێنەر لە دانانی مۆسیقا، وەك بینیمان لە فلمێکدا کە ئەفسەرانی بەعس بەدوای دێهاتیەکانی کورد کەوتون لەو شوێنەی ئەفسەرەکە تینوی دەبێت و ئاو دەخوات مۆسیقایەکی هەڵسانەوە لێ دەدرێت، ئەو مۆسیقایە توانای ئەوەی هەبوو کە گوتاری ستراتیژی دەرهێنەر ڕابگەیەنێت، بەوەی ئەوە دەرهێنەر لە پشت ئەو جۆرە کارەکتەرانەوەیە بەلاْم ئێمە دڵنیاین لەوەی ئەوە پاڵ پشتی نەبوو بەڵکو بێئاگایی و هەست نەکردنە بە ڕۆڵی مۆسیقا لەچێژی بیستن، ئەو هەڵە سادانە مانای ڕەخنەی هونەری نیە بەڵکو نەبوونی خەیاڵ و پرۆسەی بیرکردنەوەیە لەناو کاری هونەریدا، دیارە ئەوەی لەو ڤیستڤاڵەدا بەلامانەوە گرنگە ئەوە ئەو تێڕوانینە ڕەخنەییە کە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت قسەی لەبارەوە بکرێت، نەوەك هەڵوەستە لەسەر کردن بێت بە فیلمێکی تایبەتەوە، کە دیارە ئەوە هەرگیز بەو مانایە نیە کە ئێمە پێویستمان بە هەڵوەستە کردن نیە لەسەر یەك بەیەکی فیلمەکان، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە چونکە پێویستە ڕێگا نەدەین هیچ هەوڵ و تەقەللاو ماندووبونێك هەرەمەکیانە بەسەرماندا تێپەڕێت، بۆئەوەی بتوانین دەیالۆگێکی هونەری لەتەك فیلمەکاندا ساز بکەین، هەربۆنمونە ناکرێت فلمەکانی(نیگاری مانگ، نامە، سات ) لەبەشێکی تری کارەکان جیا نەکەینەوە لەو دەرهێنەرانەین کە زۆریان ماوە کاری فلمسازی ئەنجام بدەن.

لەبەر ئەوەی ئەو نووسینە ووتارێکی ڕەخنەیی نیە لەسەر فیلمەکان هێندەی سەرنجێکی گشتیە لێرەدا ناچار دەبین تێڕوانینەکەنمان لە بارەی فیلمەکانی ئەو ڤیستڤاڵەوە چڕ بکەینەوە.

یەکێك لەو خەوشانەی لەزۆربەی فیلمەکاندا هەستی پێبکەین نەبوونی ڕوئیایەکی ڕۆشنی دەرهێنەری کوردە لەبارەی کورتە فیلمەوە ، چ لەڕووی نەبوونی چڕکردنەوەی زەمەنی لەناو دیمەن و گرتەکاندا، وە چ لە ڕووی هەست کردن بە جیاوازی لە نێوان کورتە فیلم لەگەڵ فیلمی بەڵگە نامەیی و فیلمی ریوائی، بەوەی ئەوەی بەشێك لە فیلمەکان دەکات بە فیلمی کورت تەنها کورتی ماوەی بەرهەمەکەیە، نەوەك چڕکردنەوەی زەمەنی و دەرخستنی وێنە لەکورتترین ماوەدا، کە دیارە ئەوەیان پێویستی بە ئاماژەکردن نیە بەوەی کام لەو شێوەیەدا خۆی بینیووە، بەلاْم ئەوەی ببێتە جێگەی گلەیی ئەوە پەیوەندیی بە نەبوونی فلتەرێکەوە هەیە لەلایان لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان، چونکە ناکرێت هەوڵ و ماندووبوونی کەسانی خاوەن توانا بخرێتە ڕیزی هەوڵی سادەو هەرەمەکیانەی کەسانێك کە هەر بەخەیاڵی فیلمە بێماناکانی بەناوی فلمی سکرین و بازرگانی ویا بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان دەخرێنە ڕوو، ئەوە جگە لەوەی کاری بەڕێوبەرایەتی سینەمایە، کە کاری خۆی تەنها لە سازدانی ڤیستڤاڵ نەبینێتەوە، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا خولی تایبەت و بلاْوکراوەی سەربەخۆی خۆی هەبێت، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت ڕێگایەکی تاریك لەبەردەم نەوەیەکی گەنج بکرێتەوە، کە خەونی کارکردنی هەیە، چونکە بەبێ کارێکی لەو چەشنە دیسان لەهەر ڤیستڤاڵێکی تر دەشێ هەمان هەڵە بەسەر هەمووماندا تێبپەڕێتەوە، کە ئەوەش تەنها نابێتە جێگەی ئەوەی کە ببینە خاوەنی فیلمی خراپ، نا بەڵکو دەیالۆگەکانیشمان هەر لە ئاستی فیلمەکان دەبێت، من سەیرم پێهات هەندێك لە دەرهێنەرەکان گلەیی ئەوەیان هەبوو کە دەیالۆگەکان لە ئاستی پێویست دا نەبوو، تۆ کە فیلمێکی ئاست لاوازو لەدەرەوەی هەرتانو پۆیەکی هونەری بخەیتە ڕوو، مافی

ئەوەت نابێت گلەیی لەبینەر بکەیت, دەیالۆگ لەسەر کاری مەزن دەکرێت, دەیالۆگەکان ڕەنگدانەوەی دۆخی فی‌لمەکانە, یانی چی تۆ ئازاد بیت لەوەی چۆن یاری لەگەڵ هەستو چێژی بینەر بکەیت بەڵام دواتر ئامادە نەبیت گوێ لە قسەکانی بگریت, بۆیە ئێمە پێویستمان بە ئاگاییەکی سینەمایی هەیە بەرلەوەی کار بکەین, ئاگاییەك هەر لەوێوە بزانین سینەما بەرهەمی چ دۆخو ژینگەو کۆمەڵگایەکە هە رنا بۆ ئەوەی تووشی هەندێك هەڵەی زۆر سەرەتایی نەبین, با بۆ نمونە ئاماژە بە حالەتێك بکەین, دەبینین بەشێکی زۆری فی‌لمەکان لە لادێ وێنەیان گیراوە, پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی دەرهێنەری کورد بەردەوام خۆی سەرقاڵی لادێ دەکات, ئەو ترسە چیە کەئێمە کەمتر دەوێرین سینەمامان بێنینە ناو شارەوە لە کاتێکدا سینەما بەرهەمی شارە, شاریش بەرهەمی مۆدێرنیتیە, بۆیە ئەگەر بەشێك لە فی‌لمەکان بێنە ناو شاریش ئەوان ناتوانن دەسبەرداری عەقڵیەتی لادێ بن, دامەزراوەکانی شار پێکهاتوون لە زانکۆوسینەماو پارك‌وماکدۆنالو...., بەهەمان شێوەش هەر یەکە لە مزگەوت‌ودیوەخان‌وتەکیە دامەزراوەو پێکهاتەی ناو لادێن, بۆیە هێنانەوەی پێکهاتەی لادێ بۆ ناو شار وون کردنی رۆحی شارە لەناو نوقمبوونی لادێوە, ئەوە پەیوەندیی بەوەوە نیە کە ئێمە شارمان بەمانا هاوچەرخەکەی نیە بەڵکو لەناو ئەو هەڵە سادانەشەوە دیسان دەکەوینە ناو هەندێك ڕێکەوتی سەیرەوە هەر لە سەرەتای یەکەم دیمەنەوە لە بەشێك لەفی‌لمەکان دەتوانی پێشبینی کۆتاییەکەی بکەیت, بەمانای ئەوەی ئەو فی‌لمە توانای ئەوەی نیە شتێك بێنێتە ناو هزری تۆوە کە وێنەیەکی نائامادە بێت, بەڵکو وێنە بینراوەکانن دێنەوە ناو یادەوەریمانەوە, لەوێوە یادەوەریی بە ئاگا دێننەوە لەناو تەواوی ئەو ڕابردووەی کە بە ئێمە نامۆ نین بەڵام لەناو پێکهاتێکی وێنەیی ناتەواودا بەتایبەت لە ڕووی مۆنتاژەوە کە هەندێکیان زیاتر لە مۆنتاژی کلیپی گۆرانی دەچن وەك چۆن فی‌لمی وای تیایە زیاتر لە ڕیپۆرتاژی رۆژنامەنووسی دەچێتو ئەگەر ئاگاییەکی روناکبیری لە پشت فی‌لمەکە بوایە دەشیٚ وەك فی‌لمێکی دیکۆمێنتاری سەیری بکەین, یاخود دەبینین دەرهێنەرەکە هەست بە ڕۆڵی سینەما دەکات لە کۆمەڵگادا کەچی توانای ئەوەی نیە موفرەدە وێنەیەکەی بەتەواوی بگەیەنێتە بینەر, ئەو کاتەش گوناهی نەگەیشتنی وێنەکەی دەخاتە ئەستۆی بینەرەوە لە کاتێکدا ئەوەی بەر پرسی ئەو نەگەیشتنەیە بەر لە هەر کەسێکی تر دەرهێنەرە کە نەیتوانیوە لەناو پێکهاتە وێنەیەکەیدا ئەوەی مەبەستیەتی پێمانی بگەیەنێت,نەوەك لەسەرەتای یەك لەفی‌لمەکان ئەکتەرێك دەڵێت"ئێمە هێزی پێشمەرگەی کوردستانین"تۆ ئەگەر لە ڕێگەی کامێراوە نەتوانی ئەو دێرە بگەیەنیت ئیدیی بۆخۆت سەرقاڵی فی‌لمسازی دەکەیت, بۆیە پێویستە خەمی نمایش کردن لەلامان نەبێتە خولیا بەڵکو ئەو خەمەی هەموومان کۆبکاتەوە کە ئاخۆ ئەمرۆ ئەو زەمەنەیە کەمن کار بکەمو بتوانم ڕێز لە چاوی بینەر بگرم, نەوەك گەورەترین تراژیدیای سەدەی بیستەمی وەك ئەنفال لەفی‌لمێکدا ناشیرین بکرێت, یاخود بێئاگابین لەوەی چۆن مۆزیك بەشداریی پێدەکەین لەپاڵ وێنەدا وە یا هەست نەکردن بەوەی کە بۆچی لە زۆربەی فی‌لمەکانی ئەو ڤیستڤاڵە کارتێکەرە دەنگیەکانو دەنگی شوێن وونن, ئایا هەق نیە ئەو هاوڕێیانەی کە چەند رۆژێك چاوەکانمانیان ماندوو کردو هەستی جوانیمان شێواندین پێیان بڵێین "ئازیزان بەرلەوەی فریای ئێمە بکەون فریای خۆتان بکەون نەکەونە ناو زەمەنێکەوە کەلەناو نائاگاییەکی گەورەو ئامادە نەبوونی پرۆسەی بیرکردنەوە دا بژیێن"

دوا سەرنجیش کە زۆر بەلامانەوە مەبەست بوو ئەو بڕیارە کۆمیدیەی لیژنەی تەحکیم بوو کەچۆنو لەسەر چ پێوەرێکی هونەری باشترین ئەکتەرو دەرهێنەری دەست نیشان کرد, بە تایبەت بە پێی دابەشکردنی ئەو جۆرە خەلاّتانە پۆلینکردنێکی موجامیلانە زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت, کە ئەوەش تراژیدیایەکی تری ئەو ڤیستڤاڵە بوو, کە بە ڕاستی گومانکردن لەوێوە جارێکی تر دەست پێدەکاتەوە کە بۆچی ئەو فیلمانەی ئاستێکی هونەری تیابووە لە دەرەوەی هەر پۆلینکردنێك بووە بۆ خەلاّتەکان, ئایا ئەوەیان وابەستەیە بە بۆچوونو دیدیی لیژنەکە بۆ سینەما, ئەگەر وایە پێویستە ئەو لیژنەیە پێمان بڵێ و ڕوونی بکاتەوە لەسەر چ پێوانەو ئاستێکی تەکنیکیو هونەریی خەلاّتەکانی دابەش کردووە, ئەگەر ناش ئەوە دەکرێت قسەی جیاواز لەسەر خەلاّتەکان قبووڵ بکرێت.